وەزارەتی دەرەوە: دانانی چەکی پەکەکە هەنگاوێکی ئەرێنی و گرنگە بۆ سەقامگیری عێراق و ناوچەکە

وەزارەتی دەرەوە، ئەمڕۆ دووشەممە، رایگەیاند دانانی چەکی پەکەکە هەنگاوێکی ئەرێنی و گرنگە کە بەشدارە لە بەهێزکردنی ئاسایش و سەقامگیری عێراق و ناوچەکە.

وەزارەتەکە لەبەیاننامەیەکدا باویکردەوە "وەزارەتی دەرەوە پشوازیی کەماری عێراق لە بڕیارەکەی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ هەڵوەشاندنەوەی خۆی و وەستاندنی شەڕی چەکداری و دانانی چەکەکانی دەردەبڕێت و بە هەنگاوێکی ئەرێنی و گرنگ دەزانێت کە بەشدارە لە بەهێزکردنی ئاسایش و سەقامگیری عێراق و ناوچەکە".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بۆشکراوە، "ئەم ڕاگەیاندنە نوێنەرایەتی دەرفەتێکی ڕاستەقینە دەکات بۆ پێشخستنی هەوڵەکانی ئاشتی و کۆتاییهێنان بۆ ململانێیە درێژخایەنانەی کە دەیان ساڵە سەبارەیان بەسەر گەلانی ناوچەکەدا خستووە هەروەها ئەم پێشهاتە خاڵی چوونە ژوورەوەی سروشتی پەکدەهێنێت بۆ سڕلێنوێ سێبەرکردنەوەی ئۆو بیانوو و پاساوانەی کە لە مێژە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ بوونی هێزی بیانی لەسەر خاکی عێراق بەکارهێناون".

بەگوترەی ڕاگەیاندراوەکە، وەزارەت پاپشتی خۆی بە هەموو هەوڵەکان دووپاتکردەوە کە ئامانجیان چێسپاندنی ئاشتی و سەقامگیرییە، جەختی لەسەر گرنگی چارەسەرکردنی ئاستەنگە ئەمنییەکان لەگەڵ

دیالۆگ و لێکتۆگەیشتن بۆ گەیشتن بە خواستەکانی گەلانی ناوچەکە بە ئاسایش و گەشەپێدان دووپاتکردەوە.